KURDISTAN NET کوردستان نێت

# دەتبەخشم بە حەزرەتی مەحوی

حەمەسەعید حەسەن

بۆچی تۆ پێت وایە، هەولێری مافی ڕەخنەگرتنی نییە؟ یان ڕەخنەگر، ئەگەر هەولێری بوو، ئیدی قسەی هیچ بایەخێکی نییە! یان دەشێت پێت وابێت، ئەوە تەنیا هەولێرییە، ڕەخنە لە تۆ دەگرێت، ئەگەر نا خەڵکی سلێمانی هیچ گلەیی و گازندەیەکیان لێت نییە؟ من هیچ بە لامەوە گرنگ نییە، لە کام گوند یان شاری، کام بەشی کوردستان لەدایکبووم، وەلێ بڕوا بکە، لە قەرەداخ لەدایکبووم و هەر لەو شارۆچکەیەش بۆ یەکەمین جار چوومەتە بەر خوێندن. دوو سێ جار یان زێتریش بە ناوی حەمەسەعید قەرەداخییەوە، نووسینم بڵاو کردووەتەوە. دەزانیت لەوەشدا هەر بە هەڵەدا چوویت، کە پێت وایە ساڵی ١٩٥١ لەدایکبووم!

ساڵی ١٩٧٠ کە من تازەکی خانەی مامۆستایانم تەواو کردبوو، هەر کەس خوێندنی تەواو کردبا، بە تۆپزی نەک بە خۆشیی خۆی دەیانکرد بە سەرباز. ئەو سەروەختە پارتی هاوپەیمانی بەعس بوو، نە شۆڕشی گوڵان یان نوێ هەڵگیرسابوو، نە ڕاپەڕین ڕووی دابوو. ئەوسا سەربازبوون خەوش نەبوو. ئەدی سەرکردەکانی پاسۆک هەموویان ئەفسەری سوپای عێراق نەبوون؟ ئەدی ئەوە نییە، ئێستاش پێشمەرگە دەبێتەوە بە سەربازی عێراق! ئەوە نەبوو پارتی و یەکێتی داکۆکییان لە نیزار خەزرەجیش دەکرد، کە سەرلەشکری سوپای عێراق بوو! ئەوی پەڵەیەکە لە سڕینەوە نەهاتوو، پۆشینی پۆشاکی سوپای میللیە و پێوەستبوونە بە بەعسەوە، خۆشت ئەم ڕاستییانە دەزانیت، بۆیە گڕت گرتووە.

دەتوانم بزانم، بۆچی سەربازیکردن، بۆ ئەو پێنج هێژایەی ناوت هێناون و بۆ هەموو دەرچووانی ساڵانی نێوان ١٩٧٠ تا ١٩٩٠ ئاساییە و تەنیا بۆ من خەوشە؟ کە تۆ جلی عەسکەریت لەبەر نەکرد، لەبەر ئەوە بوو، تۆ هەشت نۆ ساڵ لە من گەورەتریت و تۆ و هاوتەمەنانی تۆ بە (بەدەل) کە سەد دینار بوو، (ئەویش بە قیست دەفعتان کرد،) لە سەربازیی ڕزگارتان بوو. پرسیاری من لە تۆ ئەوە نییە: سەربازیت کردووە یان نا؟ پرسیاری سەرەکیی من لە تۆ ئەوەیە: بەرگی سوپای میللیت پۆشیوە یان نا؟ ئەگەر نا، ئەدی بۆچی وەک هاوپۆلەکانت، ساڵێکی خوێندنت نەفەوتا؟ ئەگەر بوارت هەبوو، یەکجاری ئەم دوو پرسیارەی دیکەش بێ وەڵام مەهێڵەوە: ئەوە لە سۆنگەی چییەوە، بە چاوپۆشین لە بەرزیی تەمەنت و نزمیی نمرەت لە زانکۆ وەرگیرایت؟ ئەوە چۆن بۆت لوا، هاوزەمان خوێندکار و کارمەندی میریش بێت، لە کاتێکدا خواردنی ئەو خورمژە بە گوێرەی بڕیاری ئەو بەعسە خوێنمژە، قەدەغە بوو؟ بۆت هەیە، ئەو پرسیارەیان کە دەڵێت: ئەوە بۆچی ١٩٧٥/١/٢٥ لە ڕیزەکانی کاژیک دەرکرایت، پشتگوێ بخەیت.

پێنج کەست دژی من بە شایەد گرتووە کە خۆت گوتەنی لە (مۆڵگا)ی سەربازیی عەممارە هاوزەمان لەگەڵ مندا عەسکەر بوون. باشە ئەوە من ڕەخنەم لێ گرتوویت و شیاوی ئەوەم جنێوم پێ بدەیت، ئەدی ئەو شایەدە هێژایانەت بۆچی بەر ڕێژنەی جنێو داوە؟ دەزانیت مۆڵگا، شوێنی مۆڵبوونی یان مۆڵخواردنی ئاژەڵە و بۆ ئینسان سەربازگا یان ئۆردووگا بەکار دەهێنرێت؟ کورد بە شوێنی خڕبوونەوەی جاش و جەیشی شەعبیی دەگوت مۆڵگە. پێم وایە تۆش ئەوە دەزانیت، وەلێ چونکە کەسێکی بەئەمەکیت، پێت جوان نییە بەرد فڕێ بدەیتە کانییەکەوە کە بیست ساڵێک بەر لە ئێستا قومێک ئاوت لێ خواردبێتەوە. ئاوا ڕێزی شایەد بگریت، پێ ناچێت، شایەدێکت لە دژی من دەست بکەوێت، وەلێ من هەر لە ئێستاوە

دوو شایەدم دەست کەوتووە، یەکێکیان لە سوێدە و ئەوی تریان لە ئەڵمانیا و ئامادەشن بێنەوە لە دادگادی هەولێر شایەدییەک کە لە سوودی تۆ نابێت، بدەن، لێ یەکێک لەو دوو شایەدە، ژنە، بۆیە تکایە لە دادگای هەولێرم بۆ بپرسە، بزانە یەک ژن بە یەک شایەد دەچێت یان ژنێکی تریش پەیدا بکەم؟
پێشنیار دەکەم، ئیدی پێش ئەوەی نووسین بۆ بلاوکردنەوە بنێریت، پیشانی هێژا عەزیزی مەلا ڕەشی بدەیت، تا هەڵەکانت بۆ ڕاست بکاتەوە، ئەگەر بەو بیانووەی ئەو عەزیزە مامۆستای سەرەتاییە، بۆیە (بێز)ت نایە داوای کۆمەکی لێ بکەیت، ئەوا دەتوانیت، هانا بۆ عەزیزێکی دیکە ببەیت، مەبەستم هێژا عەزیز گەردییە کە هەم نووسەرێکی گەورەیە و هەم دۆکتۆرێکی ڕاستەقینە. پارتی دۆستی وەک تۆی هەبێت، پێویستی بە دوژمن نابێت! بەم سەلیقەیەوە، کە هەموو ئەوانەی سەربازییان بۆ عێراق کردووە بە ئاژەڵ نێوزەد دەکەیت، بە ئومێدی ئەوەیت، لە کۆنگرەی داهاتوودا بگەیتەوە کۆمیتەی ناوەندیی پارتی!
دۆکتۆری زانا، هانا بۆ بوختان مەبە! شیوعییە کوردەکان دەزانن، من هەر لە یەکەمین ڕۆژی مۆرکردنییەوە، دژی بەرەی نیشتمانی بووم و هەر لە دژی ئەو بەرەیەش لە حشع کشامەوە. ئەگەر هەنووکەش هەر قاپییەوانی سەرۆکی پارتیت، کە هاوڕێیان: عەزیز محەمەد، کەریم ئەحمەد، مەلا حەسەن، ئەحمەد بانیخێلانی یان هەر سەرکردەیەکی کوردی دیکەی حیزبی شیوعی سەردانی بارزانیی کرد، پێش ئەوەی بیکەیتە ژوورەوە، لێی بپرسە: ئەرێ حەمەسەعید سەیداوایی! بۆچی وازی لە حشع هێنا؟
تۆ کە لە نسکۆی شۆڕشی ئەیلولەوە تا ڕاپەڕین، بەشداریت لە خەباتی نێو شار یان شاخدا نەکردووە، تۆ کە لەسەر کورد زللەیەکت نەخواردووە، تۆ کە لە سایەی دەسەڵاتی بەعسدا سوودمەند بوویت، تۆ کە لە کۆنگرەی دوای ڕاپەڕینی نووسەراندا (شەقڵاوە، ناوەڕاستی ئۆکتۆبەری ١٩٩١) بە چاوی گومانەوە سەرنجت دراوە، هەنووکە هاتوویت، خۆت لە ئێمە کردووە بە بەرپرسی دەزگای دابەشکردنی ناسنامەی کوردایەتی! لوتکەی خەباتی تۆ ئەوە بوو، کە ١٩٩٣ لاندکرۆزەرێکی پاسۆکت ئاودیو کرد و هێنات بەسەر (سامانی حاجی عەزیزی زەرەنگەر)ی بەستەزماندا! هەموو ژیانی تۆ بریتییە لە پاشقول لەم و لەو گرتن و لە گەڕان بە دوای قازانجی خۆتدا. ببوورە پرسیارێکی تازەم بە خەیاڵدا هات: قەت هیچت، (بۆ نموونە: پۆشاکی سوپای میللی،) لە ژووری د. شوکرییە ڕەسووڵ شاردووەتەوە؟ ئاخر ئەو هێژایە لە پەراوێزی دووەمین دیداری چیرۆکی کوردیدا(هەولێر ١٩٨٢) شتێکی لەو بابەتەی بە رووتدا دایەوە.
سەددام حسێن درەختێکی بە چێکردن دابوو، بە گوێرەی ئەو دارە زڕە، بە دەیان پشت دەگەییشتەوە سەر ئیمامی عەلی. ببوورە نەمزانیبوو، بە کۆمەڵێک پشت دەچیتەوە سەر حەزرەتی مەحوی، ئەگەر درەختەکەی لای تۆش، لەوەی سەددام نییە، وا لەبەر ئەوەی داوێنی ئەو مەزنەپیاوەت باداوە، ئەگەر پاشەکشێ بکەیت، لێت خۆش دەبم و ئیدی برینت ناکولێنمەوە، بەڵام تۆ ئەگەر یەک زەڕڕە وەفات بۆ مەحوی هەبووایە، دەبوو ئەوەشت زانیبا، کە ئەو شاعیرە زێدە مەزنە گوتوویەتی:

**فەضیلەی ئەصڵ و فەصڵ، ئینسانی پێ نابێ بە صاحێب فەضڵ**

**کە تۆ کۆسەی، بە تۆ چی مامە ریشی باب و باپیرت!**

مام هەژار جوانی بۆ هاتووە کە لە (چێشتی مجێور)دا، گوتوویەتی: (هونەری شێخ لەتیف تەنیا هەر ئەوە بوو کە کوڕی شێخ مەحموود بوو.) پێ دەچێت هونەری تۆش تەنیا هەر ئەوە بێت، کە کوڕی کوڕەزای حەزرەتی مەحویت!

2004. 03. 28